www.kurdistannet.org
2-4-2003 22:22

# ئەمريكاو ئەنجامەكانى شەڕى ئازادى

خەسرۆ پيربالْ

پێش هەڵگيرسانى شەڕى سێهەمى كەنداو ( شەڕى ئازادى عێراق) ، تويژێكى ئێجگار زۆرى ميللەتى كورد لەگەڵ ئەو شەڕە بوون، ئەمرۆكەش ووردە ووردە هێرشى ولاتە يەككرتووەكانى ئەمريكاو ولاتە هاوپەيمانەكانى هەر دێن و دژووارتر دەبن، قوربانى و خوێن، هەروا دێن زياترو جۆراوجۆرتر دەبن، بەلام لە ئامانجە سەرەكيەكەى ئەم جەنگە نزيك دەبێتەوە. .

ئەگەر بێت و ميللەتانى عێراق، بەراستى ڕزگاريان بێت و ولات ئازاد بێت، ئەوە ئەو شەڕە گەلێك گۆڕانكارى بنەڕەتى دەخزێنێتە ناو هاوكێشەكان، لە ئاستى جۆراوجۆريشەوە، بەلكوو لەوەش زياتر، ئەو شەڕە قەبرێكى گەورە هەلدەكنێ بۆ كولتوورێكى توندو دژووارو كووشندەى دژ بە مرۆڤايەتى، ڕژێمى عێراقى جگە لەوەى گەورەترين زەبرى لە ميللەتى عێراق و گەلى كورد داوە، لە هەمان كاتدا دوژمنى ئاشتى و تەبايى نێوان فەرهەنگە جياجياكانى ڕۆژهەلاتى ناوەڕاست بووە بە درێژايى ٣٥ سالْ.

بەلام پێشەكى حەز دەكەم، نەختێك لەسەر ڕۆلى ئەمريكا، وەكوو ولاتێكى زلهێزو كاريگەر باسبكەم، ئەو ولاتەى كە ڕۆلى گەورەى نەوەكوو پاش ڕووداوەكانى ١١ سێپتەمبەرەوە سەريهەلداوە، بەلكوو زۆر پێش ئەو ڕووداوە، بوونێكى گرينگ و كاريگەرى هەبووە لەسەر وەچەرخان و گۆڕانكاريەكانى جيهان. ديارە من هەرگيز باس لە سياسەت و بنچينەكانى فەرهەنگى ئەمريكى ناكەم لێرەدا، لەبەر ئەوەى پێمواية كە فەرهەنگى ميللەتى كورد ( بۆ نموونە) زۆر لە فەرهەنگى ئەمريكا دەولەمەندترە، بەلكوو گەلێكن ئەو فەرهەنگانەى دوونيا كە لە ئێمەى ڕۆژهەلاتى زياترەوە نزيكن، لەوەى ئێمەى كورد لە فەرهەنگى ولاتە يەككرتووەكانى ئەمريكاوە نزيكين. ، بەلام ئەوەى مەبەستمە لەو وتارەدا، لە ئاستى كاريگەرى سياسى و عەسكەريەوەيە لەسەر كێشەكاندا. .

لەگەلْ ئەوەش كە ئەزموونە تالەكانى بزاڤى ڕزگاريخوازى كورد، بەتايبەتى سالى ١٩٧٤ و ١٩٩١، ئەو دوو ساتانەى كە زۆر بە ئاسانى ئەمريكا پشتى لە شۆڕش و سەهەلدانەكەى كورد كردووە، بەلام ئەوەى ئەمرۆكە لە ئاراداية، بە بۆچوونى من تەواو جياوازە و دلنيام بەقازانجى سەرجەم ميللەتانى عێراق و بەتايبەتى ميللەتى كوردەوە تەواو دەبێت.

ديارە ڕۆلى ئەمريكا بە درێژايى مێژووى خۆى، زۆر گرينگ و دياربووە، بۆ نموونە :

.

- لە جەنگى جيهانى يەكەم : بەشداريكردنى ئەمريكا لەو شەڕەدا بووە هۆى تێكشكانى ئەلمانيا، ئەوەش بووە هۆى ئەوەى ئەوروپا لە كارەساتێكى گەورە قورتار بێت.

.

- لە جەنگى جيهانى دووەم : ئەگەر بێت و ئەمريكاو ئينگليزەكان بە شێوەيەكى ڕاستەوخۆ هاوكارى فەرەنسايان نەكردبا، ديسانەوە سەرجەم ئەوروپا تووشى داگيركرنى ڕژێمى ديكتاتۆرى هيتلەر دەبوون، ئەو شەڕە قوورسەبوو كە بەناوى : ( شەڕى نۆرماندى) ناوزەند كرا، لەم شەڕەدا بە يەكجارى سەرجەم ئەوروپا لە هيتلەر و مەترسى كولتوورى هيتلەر قورتاركران، ئەمرۆكەش هەمان سيناريۆ لە عێراقدا دووبارە دەبێتەوە، هەموو شێوەو پرۆفايلى و كێشەى ميللەتى كورد و ميللەتانى ترى عێراق، لەو بارودۆخە دەچێت كە لە ئەوروپادا هەبوون سالى ١٩٤٤ بەهۆى هێزو سياسەتە ڕەگەزپەرستيەكەى هيتلەرو دامودەزگاكەى.

- شەڕی سارد لە ئەوروپا : ئەمریکا ئەو هێزەبوو کە بە درێژایی سالآنێکی درێژ، لەتەك ولآتانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوایی وەکوو فەرەنساو ئینگلزستان و ئەلمانیا، بەرامبەر مەترسی سیستەمی شمولی یەکیێتی سۆڤیەتدا وەستابوون، بەرگریان دەکرد و هوێیەکی سەرەکی بوون لە تێکشکان و ڕووخانی یەکیێتی سۆڤیێت. ، هەر لەو کاتەشەوە کە بەرەکانی شەڕی سارد گۆڕان، ئەمڕۆکە ئەمریکا دەورێکی زۆر گرینگی هەیە، بۆ بنیاتنانەوەی ڕووسیاو هەموو ئەوروپای ڕۆژهەلآت.

-

- شەڕی یوگسلافیا ( دەستێوەردانی ئەتلەنتی) : لەو ولآتەی کە دیسانەوە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکران لە لایان ڕژێمی مێلۆڤیچ و میللەتی کۆسۆڤۆ قڕ دەکران وەکوو میللەتی کورد، ڕۆلی ئەمریکاو ولآتانی ئەوروپای ڕۆژئابوو دیسانەوە، هێرش بکەنە سەر بەلگرادو بەیەکجاری ڕەگووریشەی ئەو ڕژێمەیان دەرهێناو سەرکردایەتیان ناردە بەندیخانەکان، کردیانە نموونەیەك بۆ ولآتانی ترو دیکتاتۆرەکان، ئەو کاتەش بوو کە حکومەتی عیراق زۆر بەتووندی دژی ئەو شەڕە وەستابوو، داکۆکی لە مێلۆڤیچ دەکرد. پاش ئازادکردنی یوگسلاڤیا، ئەمریکا دەورێکی گرینگی هەبوو لە بنیاتنانەوەی ولآتەکەیان و ئێستاش بە پرۆگرام و یارمەتی جۆراوجۆر بەردەوامە.

- دیارە من باس لە شەڕی کەنداوی دووەم ناکەم، پاش داگیرکردنی کوێت لەلایان سووپای عیراقی، چۆن بە هاوکاری و ئامادەگی سوپایی ئەمریکا، بە چەند سەعاتێك هەموو کوێت ئازادکرا، بەشێکی زۆری باشووری عیراقیشی داگیرکرا ( ئازادکرد) ، پاشان یەکلایانە هێزەکانیان کێشایەوە. . !!

.

دیارە کێشەو ئەزموونە تالەکانی میللەتی کورد، بە تایبەتی سالی ١٩٧٤، سەرەتایەکی زۆر خراپ و کووشندەبووە، هەتا ئەو ئاستەی کە مەلا مستەفای بارزانی، باوکی ڕووحی کورد لە وەسیەتنامەکەی، ئاماژە بەوە دەکات و دەلێ : ( یەکێك لەو هەلآنەی کردوومە، ئەوە بووە کە زۆر بڕوام بە بەلێنەکانی ئەمریکا کردووە) . . هەر ئەو وەسیەتە بوو، کە سەرۆك مەسعوود بارزانی، هەتا ماوەیەکی زۆر نزیکیش بەر لە ئێستا، هەرگیز بڕواو متمانەی تەواوی بە ئەمریکا و سیاسەتی ئەمریکی نەدەکرد، تاوەکوو ئەمڕۆکەش هەمیشە دەرس و پەندنی لە ئەزموونە تالەکانی ڕابردوو وەرگرتووە، ئەم سیاسەتە ژیرانەو وردبینەیە، کە دلنیام ئەمڕۆکە بەرەو لێواری ئاشتی و سەقامگیریمان دەبات.

ئەزموونی تالی تری میللەتی کورد لە باشووری ولآت و میللەتانی تری عیراق، ئەزموونی خیانەتە گەورەکەی ئەمریکابوو، پاش سەرهەلدانەکەی سالی ١٩٩١، هەمووومان بینیمان، چۆن پشتی لە داخوازیەکانی میللەتی کوردو عەرەب کردو بە ئاسانی سوپای خۆی کێشایەوە و عیراقیان بەجێهێشت، کارتی سەوزی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشان حکومەتی دڕندەی بەغدا دا، بۆ ئەوەی بەتەنیاو بە دەستێکی درێژی ئاسنینەوە، هەموو هێزو لایانە سیاسی و جەماوەریەکانی ڕاپەڕییوو لەناوببات، دیسانەوە کارەساتێکی گەورەی تووشی میللەتی کورد کرد، وە لە خوارووی عیراقیش، ئەوەی لەدەستی هات کردی.

دیارە لێرەدا، هەرگیز داکۆکی لە فەرهەنگ و سیاسەتی ئەمریکی ناکەم، بەلآم بە شێوەیەکی بابەتییانە بیردەکەمەوە، ئەوەی دەبینم، ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی ڕزگاریخوازی کورد، بەرژەوەندیەکانی ولآتێکی گەورەی وەکوو ئەمریکا، لەگەلْ بەرژەوەندیە کۆن و خەونە دێرینەکانی میللەتی کورد یەکدەگرنەوە، ئەمڕۆکە شەڕە لە ناوچەکە، ئێمە وەکوو کوردو ئەمریکا و میللەتانی تری عیراق، یەك ئامانجمان هەیە، ئەویش

ئەو شەڕەیە کە بە یەکجاری لە تاریکی و لە یەکێك لە ڕژێمە هەرە دڕندەکانی دوونیامان قووزتار دەکات، هەروەها لەگەڵ ئەو ڕژێمەش فەرهەنگێکی توندڕەوو نەفرەتلێکراو، بۆ هەتا هەتا دووردەکەوێتەوە و لەناو دەچییێت.

پاش ئەو شەڕەو پاش ئازادکردنی عیراق، هەندێگ ڕەنگدانەوەو گۆڕانکاری بنچینەیی ڕوودەدەن شوێنەواری بۆ چەندین نەوەی تر دەمێنێتەوە بۆ نموونە :

لە عیراقدا، ئەوەی پەیوەندی بە میللەتی کوردەوە هەبێت، ئەزموونی دیموکراسی و حکومڕانی کورد بە شێوەیەکی فەرمی و دەستووری جێگیر دەبێت، بەڵکوو دەبێتە نموونەیەك بۆ حکومەتی داهاتووی عیراق، هەروەها دەشێت بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش لە ( تورکیا– سوریا– ئێران) ، دەکرێت هەر وڵاتێك بەو شێوەیەی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەگونجێن، چارەسەری کێشەی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد بکەن، سوودو پەند لە ڕژێمی عیراق و چارەنووس و ئەو شەڕو دەردەسەریە وەربگرن.

دیارە یەکێك لە ئەنجامەکانی تری ئەو شەڕە، دروستبوونی حکومەتێکی نوێیە لە عیراق و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە و پەرەسەندنی بازاڕەکانی جۆراوجۆرە لە ناوچەکە، دیارە جگە لە نەوت، عیراق و کوردستانی باشوور، ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندی جیهانن، ئەو ناوچەیە، دەبێتە وڵاتێکی وەکوو ( تایوان و هۆنگ کۆنگ) لە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەمەش زۆر بە باشی ڕەنگدەداتەوە لەسەر ئاستی ژیان و گووزەرانی مرۆڤ لەو ناوچەیەدا.

ئەنجامێکی تری ئەو شەڕە، لەناوچوونی فەرهەنگێکی ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی– قەومی– عەرەبیە.... ، ئەو فەرهەنگە تاڵ و توندڕەوەبوو، کە بە شێوەیەکی چڕو کوشندنە خرابوونە نێو هەموو لایانێك و هەموو بوارێکی ژیان: خرابووە نێو کتێب و نووسراوو ڕاگەیاندن و گۆرانی و مۆسیقا و بەرنامەکانی خوێندن و هەتا ژیانی تایبەتی خەڵکان... ، ئەو فەرهەنگە ڕەشەیە کە بۆ هەتا هەتا بەرەو پاش دەگەڕێتەوە و ئیتر بەتایبەتی بۆ میللەتی کورد بوونی نامێنێت.

دیارە گەلێکن ئەوانەی وای بۆ دەچن کە ئەو شەڕە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی تەرۆریستان، توێژو بزوتنەوە توندڕەوە ئیسلامیەکان، بەلاَم من تەواو بە پێچەوانەی دەبینم. ، دیاردەی بزووتنەوەی تەرۆریستی، هەتا ئاستێکی نزم هەمیشە هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت، بەلاَم پاش ئەو شەڕە بزووتنەوەی ئیسلامی توندڕەو بەرەو لاوازی دەڕوات.

هەر لە دەسپێکردنی شەڕ و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق، سەرکردایەتی کورد لە باشووری وڵات، زۆر هوشیارانە لەگەڵ ئەو ڕووداوە مامەڵەیان کردووە، لەگەڵ هەموو مەسەلەکاندا زۆر بە ووردی ونەرمیەوە مامەڵەیان کردووە، ئەمرۆکە ئەوەی چەندین ساڵە ئاواتێك بووە و خەباتیان بۆ دەکرد و شەهیدیان بۆ دەدا، ئەمرۆکە بە هاوکاری ئەمریکا دێتە دی و دەبێتە هەقیقەتێك و لاپەڕەیەکی ڕەش هەڵدەدرێتەوەو ڕۆژێکی نوێ لە سەرانسەری کوردستاندا هەڵدێ.

٢٠٠٣/٤/٢
**Pirbal@hotmail. com**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣